## کوردستان تیڤی و سەرنجێک. . . مەهاباد کوردی

ئەمرۆ 2005.9.15، تەماشای هەندێک لە دیمەن و چۆنیەتی کردنەوەی ئەو پیشانگایەم کرد، کە لە هەولێر بەناوی "پیشانگای نێودەوڵەتیی کوردستان" کرایەوە. لەسەر شاشەی کوردستان تیڤی بە جۆرێکی تریش ناوەکە نووسرابوو. دیارە من لەم کورتەباسەدا سەبارەت بە ڕۆڵ و گرنگبوونی ئەم جۆرە پیشانگایانە و کردنەوەیان لە کوردستان کەم ناکەمەوە. دیسان لەسەر چۆنیەتی کردنەوەی پیشانگاکە و بەڕێوەچوونی کارەکانیشی چ قسەیەکم نییە. ئەمانە بابەتگەلێکی دیکەن و دەشێ لە دەرفەتێکی تردا باس بکرێن. ئەوەی کە زیاتر سەرنجی منی ڕاکێشا، دەنگی ئەو خوشکە بوو کە وتەکانی وەزیری نەوتی عێراقی ئیبراهیم بەحر ئەلعلوومی، ڕاستەوخۆ وەردەگێڕایە سەر زمانی کوردی. گومانم لەوەدا نییە هەر کەسێک کە گوێی لە شێوەی قسەکردن و وەرگێڕانی ئەم خوشکە بووبێ و، کەمێکیش زمانی عەرەبی بزانێ، وەکو من ئەم تێبینی و سەرنجانەی لا دروست بووە.
ئەو پرسیارەی کە لێرەدا دێتە پێشەوە: ئایا کوردستان تیڤی کەس شک نابات تا بیهێنێت و قسەکانی جەنابی وەزیریشی پێ وەربگێڕێتە سەر زمانی شیرینی کوردی؟ ئەگەر کارمەندانی کوردستان تیڤی بگەڕێنەوە بۆ شێوەی وەرگێڕانەکە و لەم سەرنجانەی منیش ورد ببنەوە، ئەوسا تێدەگەن بابایەکی وەکو من بۆچی بەخۆی نەوەستاوە و، ئەم جارەش کوردستان تیڤی کردۆتە ئامانج!
ئەم خوشکە زۆر جار وشە عەرەبییەکانی لە زمانی عەرەبی ڕاستەوخۆ دەگواستەوە بۆ زمانی کوردی، بەڵام بێ ئەوەی بیانکاتە کوردی! دەزانم ئەم ڕستەیە کەمێ پێکەنین هەڵدەگرێ، لێ ڕێک و ڕەوان باس لەو ڕاستییە دەکات کە ئەمرۆ بە چاوی خۆم بینیم و، بە گوێی خۆشم وشە عەرەبییە دووبارەکراوەکانم بیست. هەر تەنیا بۆ نموونە کابرای وەزیر باسی لە "ازدهار الشعب" دەکرد، هەرچی خوشکی وەرگێڕیش بوو، گوایا وتەکانی ئەومان بۆ دەکات بە کوردی، دەیگوت:"ئیزدیهار لە بۆ شەعب"! ئەمە لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە ئەگەر یەکێک زۆر کەم عەرەبی بزانێ، پێموایە دەبێ بزانێ "اخوان" نابێتە "برادەران"، هەر وەک چۆن خوشکی وەرگێڕ ئەم کارەی کرد.
هەتا ئێستانەکینێ زۆر شت لەسەر کەناڵە کوردییەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی سەر بە هەردوو پارتی دەسترۆیشتووی کوردستان نووسراون. جا ئەمان چەند لەو ڕەخنە و پێشنیار و تێبینییە دڵسۆزانەیان جێبەجێ کردووە، ئەمە پرسێکی دیکەیە و هەمووان لە دوور و نزیکەوە کەم تا زۆر لێی بەئاگاین.
لە ناخی دڵ و دەروونمەوە هیوادارم ئەم کەناڵە ئاسمانییە تەلەفزیۆنییانە ببن بە دەنگی ڕاستەقینەی نەتەوەی کورد و، هەتا دەشکرێ تەسک و حیزبییانە بیر نەکەنەوە.
ستۆکهۆڵم 2005.9.15 mehabadk@hotmail. com